سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان PCCI

The Protection Center for Defends of Children's Rights in Iraq -مركز الدفاع عن حقوق الاطفال في العراق

"The way a society treats its children is the most telling testimony to its humanity and liberty. Children must come first, above any national, economic, political, ideological, religious and cultural considerations and interests." ***The Founding Document of The Protection center for defens of chidren's rights in Iraq***

children first

ئاگادری...

## دایکان وباوکان..هاوکاری منداڵەکانتان بکەن بۆ بەشداری لە پێشانگای تۆکیۆ لە یابان.

پاش سڵاوو رێز ....



دۆستانی ئازیز... سەنتەری منداڵان بە هاوکاری MDS کە رێکخراوێکی یابانی یەو هاکاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵانە، کار لەسەر پرۆژەیەك دەکەن بۆ منداڵان بە ناوی مۆنۆمێنتی ئاشتی (نصب السلام)، کە بریتییە لە هێمایەك بۆ لێك نزیك کردنەوەی منداڵانی کوردستان و عێراق لە منداڵان تر لە وولاتانی ئەوروپی و یابان، بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا چەندین جار چەند منداڵێك لە رێگەی سەنتەری منداڵانەوە لە کوردستان و عێراق چوونەتە وولاتی یابان بۆ بەشداری لە فێستیڤاڵی زینکۆ ، وە چەندین چالاکی جۆراو جۆرارمان لەم بارەوە لە شارەکانی کەرکوك و بەغداد ئەنجام داوە.

ئامانجیش لەم کارانە هەرچی زیاتر بەئاگا هێنانەوەی منداڵان و ئاشنا بوونیانە بە دنیای دەوروبەریان ، بەسەربردنی کاتێکی خۆش ، راهێنانیان لەسەر ئاشتی دوورخستنەوەیان لە شەڕ و شۆڕو کوشتن و برین، وە خۆشەویستی منداڵانی نەتەوەجیاجیاکان تر، خۆشەویستیان بۆ ئاشتی و ئارامی، لێك نزیك کردنەوەو ئاشناییان بە کولتورە جیاجیاکان.

هەر لە درێژەی کارەکانی ئەم پرۆژەیەدا بەرواری 1-12-2006 لە تۆکیۆ – یابان سەنتەری منداڵان بە هاوکاری MDS هەڵدەستێت بە کردنەوەی پێشانگایەك بۆ منداڵانی عێراق و یابان. وێنەکان دەبێت بە دەست و پەنجەی ناسکی منداڵان خۆیان دروست کرابن، هەر ئەو وێنانەی کە لەسەر پەرە کاغەزی ئاسایی رۆژانە منداڵان بۆ سەرحاڵی خۆیان دەیکێشن ، ئەو وێنانەی کە هەر یەکەیان لە ساتە وەختێکدا منداڵان بیرۆکەیەك بە خەیاڵیاندا دێت، یان رووداوێك هەستی ناسکی منداڵەکە دەبزوێنێت و قەڵەم بۆیەکەی هەڵدەگرێت و گوزارش لەو بیرۆکەو خەیاڵە دەکات کە بە مێشکیدا هات....هتد. ئەم وێنانە دەبنە جوانترین تابلۆ کە بەهۆیەوە منداڵەکەت بەشێك لە یادگارەکانی خۆی تێدا لە خۆدەگرێ. هەر ئەمەشە دەبنە ئەو تابلۆ جوان و ئاڵاو واڵانەی کە منداڵەکەت بەهۆیەوە دەتوانێ بەشداری پێشانگای سەنتەری منداڵان و MDS لە یابان بکات.

داواکارییەکان:–

1. ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان 4– 12 ساڵاندایە بۆیان هەیە بەشداری ئەم پێشانگایە بکەن.
2. هەر منداڵێك بۆی هەیە بە 5–10 (یان زیاترو کەمتر بە بێ دیاری کراوی) تابلۆ بەشداری بکات.
3. ناو ، ناوی شار، تەمەن و وێنەیەکی منداڵەکە لەگەڵ تابلۆکاندا بنێرن.



| **Adress**: CFBRI<br>c/o S. Fatih<br>Parkvägen 44A<br>802 64 Gävle | **CFBRI**<br>E-post: cfbrii@spray.se<br>www.santarimnalan.com<br>Org.nr: 885002-2842 | **Postgirot:**<br>39 08 04 – 3 | **Kontaktperson**: Sherzad Fatih, ordförande<br>Tfn. 073 57 15 449<br>Sherzad_f@yahoo.com |
|---|---|---|---|

"The way a society treats its children is the most telling testimony to its humanity and liberty. Children must come first, above any national, economic, political, ideological, religious and cultural considerations and interests." ***The Founding Document of The Protection center for defens of chidren's rights in Iraq***

4. ئەم پێشانگایە بۆ منالانە ، بۆیە ئێمە بۆمان گرنگ نییە کە منالەکە چییەو سەربەچ نەتەوەیەکە، هەموو منالانی عێراقی( کورد، عەرەب ، تورکمان ،ئاشوری و هەموو ئەوانی تر) بۆیان هەیە بەشداری لەم پێشانگایەدا بکەن.
5. وێنەکێشراوەکان بنێرن بۆ ئەو ئادرێسەی کە لە کۆتایی دەستی چەپی ئەم لاپەڕەیەدا نوسراوە. کاتی ناردن لەبەرواری ئەم ڕاگەیاندنەوە تا 20 -11-2006 .

تێبینی:-

ئەم ئاگادارییە بۆ ئەو خەڵکانەیە لە لە وولاتی سوید نیشتەجێن.

لەگەڵ ڕێزو خەشەویستیم بۆتان

چاوەڕوانی وێنەجوانەکانی منالانی ئازیزم

شێرزاد فاتح

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان – سوید

Te: + 46 73 57 15 449

www.santarimnalan.com